شاسوار عەبدولواحید هەرەمی زەین دەداتە یەکەتیی بە پەکهەنانی کابینەی نوێی حکومەت بەبێ پارتی

شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە پەیامێکی ئەمڕۆ شەممە 5ـی نیشان رایگەیاند، "لەبری ئەوەی شەخسی یەکەمی یەکەتیی هەموو رۆژ سەردانی سەری ڕەش و بارگاکانی پارتی بکات، ئامادەم 15 کورسییەکەی نەوەی نوێ بدەم بە یەکەتی، کورسییەکانی ئەمە و یەکەتی دەبێت بە 40 کورسی و لەگەڵ 10 کورسی تری کەمە و یەکگرتوو حکومەت پێکبهێنن".

سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ وتیشی: ئامانجمان لە پەدانی کورسییەکانمان بە یەکەتیی ئەوەیە کە سەرۆک وەزیرانێک هەڵبژێرین کە پارتی نەبێت، تا ئەم حکومانە دووبارەنەبێتەوە.

هەروەها سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕەتیکردەوە لەبەرامبەر پەدانی کورسییەکانیان پێست وەربگرن و وتی: "هیچ پێست و وەزارەتکمان ناوێت و با ئەوانیش سەرۆک وەزیران دانێن".